# دایکی شەهید ملازم دلاوەر باپیر پیرداود؛ لە نۆیەمین ساڵیادی دلاوەری جوانەمەرگ




ئامادەکردنی : بەختیار بەکر / هۆڵەندا

دلاوەر گیان چرای چاوەکانم، کوڕی دڵسۆز و خۆشەویستەکەی دایکی داماوت، کوڕی خۆم باوەڕت بێت هەموو شەوێک بەیادی تۆ چاو ئەنێمە خەو و ڕۆژانە بیرت دەکەم و وێنە جوانەکانت لە باوەش دەگرم، هەمیشە لە گەڵمانی و لە یادمانی. ڕۆڵە گیان هاوتەمەنەکانت سەفەری هەندەرانیان کرد و گەڕانەوە بەڵام من نازانم بۆ سەفەرەکەی تۆ وا درێژەی خایاند و هەرگیز نەگەڕایەوە، باشە تۆ نازانی ماڵەکەمت بە جاریَ چۆڵ کردوە و ڕۆژانە لە چاوەڕوانیت دام، ڕۆڵە گیان ئەگەر چی تاوەکو ئێستا دانم بە سەفەرە یەکجارەکیەکەت نەناوە بەڵام هیوادارم جێگەت خۆش بێت و لە دووری ئێمە و هاوڕێ و هاوخەباتەکانت بێ تاقەت نەبی، ڕۆڵە گیان کەس و کار سڵاویان هەیە بۆت چاوەکانت ماچ دەکەن، ئەوانیش وەکو من بیرت دەکەن، لە کۆتاییدا دەڵێم خوا بیکردبا لە دونیایەکەی تر بە یەک شادببایینەوە.

کورتەیەک لە ژیانی شەهید؛ شەهید ملازم دلاوەر باپیر پیرداود لە سەرەتای هەفتاکان لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردوە و لەنێو خێزانێکی هەژاری گەرەکی کرێکارانی شاری هەولێر پەروەردە کراوە، ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکە لەگەڵ ڕزگار بوونی یەکە یەکەی شارەکانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، شەهید ملازم دلاوەر هەر زوو خەباتی خوێندکاری و چەکداری تێکەڵ کردوە، لە سەرەتای ساڵانی نەوەت لە یەکەم کۆلیژی سەربازی قەڵا چۆلان وەرگیرا و خەونێکی گەورەی شەهید هاتە دی کەتوانی لەیەک کات خوێندکار بێت و چەکی پێشمەرگایەتیشی هەر لەشان بێت.

پاش دەرچوونی لە کۆلیژی سەربازی بوو بە لێپسراوێکی لێهاتوو و بە ئەمەک، ملازم دلاوەر ماوەیەکی زۆر لەکانی قرژاڵە فەرماندەیی هێزێکی فراوانی پێشمەرگە قارەمانەکانی یەکیتی نیشتیمانی کوردیستانی دەکرد. ناوبرا لەبەر لێهاتوویی و جوامێری هەر زوو پلەی ملازمی یەکەمی پێ بەخشرا و خەڵات کرا لەلایەن هەڤاڵی بەرێز کاک کۆسرەت.

چاوی ڕۆژگار ڕەش بێت کە شەهید ملازم دلاوەر نەیتوانی ژیانی هاوسەری پێک بێنێت و کۆرپەکانی لە باوەش بگرێت و سرودی کوردایەتی و مەردایەتیان بۆ بچڕیَ، داخی گرانمان بۆ ملازم دلاوەر کە لە بەرواری 1997/10/23 لە ئاقوبان شەهید بوو و ماڵئاوایی لە هەموو لایەکمان کرد.